# سکرتێری پارتی نیشتمانی سەردانی مەکتەبی سیاسی دەکات



کاتژمێر 10.30ی رۆژی 2010-5-19 بەڕێز کاک بێکەس حەمەد قادر سکرتێری پارتی نیشتمانی کوردستان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانی کرد لە شاری هەولێرو لەلایەن هەڤالان رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، حەکیم عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکانەوە پێشوازی لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی و ئەو کێشانە کرا کە بەو دواییانە لە باشووری کوردستان روویانداوە. هەردوولا هاوڕامان بوون کە دەبێ لێکۆڵینەوە رەوتی ئاسایی خۆی وەربگرێ و تا بەئاکام گەیشتنی لێکۆڵینەوەکان هیچ کەس و لایەنێک تۆمەتبار نەکرێن. هەروەها خەجتیان کردەوە کە هێزەکانی ناوەخۆ لە پاراستنی سەرو گیانی خەڵک بەرپرسیارن، بۆیە هیواخوازبوون کە ئەمجارەشیان هێزەکانی ئاسایش و دژە تیرۆر تاوانکارو بکوژانی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان بدۆزنەوەو رادەستی دادگەیان بکەن و سزای تاوانەکەیان وەربگرن، چونکە بەو شێوەیە هەم خەڵک لە سەروگیانی خۆی دڵنیا دەبێ، هەمیش رەوشی ئاسایشی هەرێم بە پارێزراوی دەمێنێتەوە.

# شاندێکی رزگاری سەردانی سەرۆکی بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان دەکا



کاتژمێر 10.30ی رۆژی 2010-5-18 هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان بە یاوەری مامۆستا محەمەد جێگری کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندن، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی چاکسازی تورکمانی کرد لە شاری هەولێر و لەلایەن بەڕێزان کاک عەبدولقادر بازرگان سەرۆکی بزووتنەوە، ئیبراهیم قەساب و محەمەد ئێلخان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، سەرەتا هەڤاڵ رێکار ئەحمەد بەناوی حزبی رزگاریی کوردستانەوە بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان لە هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لێکردن و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی بۆ خواستن، هەروەها رایگەیاند کە دەبوایە رۆژی 25ی نیسان لە ساڵیادی دامەزراندنی بزووتنەوەکەیاندا سەردانی ئەوانی بکردبایەو پیرۆزبایی لێبکردبان، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیەوە نەیانتوانیوە لەو رۆژەدا سەردانیان بکەن. دواتر لە تەورێکی دیکەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان کراو جەخت لەسەر پتەوکردن و بەهێزکردنی دۆستایەتی نێوان هەردوو لایەن و هەردوو نەتەوەی کوردو تورکمان کرایەوە.

# شاندێکی سەرکردایەتی حزب دەڤەری پارێزگای سلێمانی بەسەر دەکاتەوە

رۆژی 2010-5-17 شاندێکی سەرکردایەتی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە هەڤالان رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، حەکیم عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئاری حوسێن و عومەر خدر ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی رێکخستنەکانی دەڤەری پارێزگای سلێمانی سەردانی شاری سلێمانیان کرد، سەرەتا لەگەڵ ژمارەیەک کادرو ئەندامی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حزب کۆبوونەوە، دواتر لە کاتژمێر 11دا شاندەکە سەردانی بارەگای مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردو لەلایەن بەڕێزان کاک مەحمودی حاجی سالح بەرپرسی مەکتەب و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەب پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و پێوەندیەکانی نێوان هەردوولایەن کرا.

لە کاتژمێر 12ی هەمان رۆژدا، شاندەکە سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی نەتەوەیی کوردستانی کردو لەلایەن بەڕێزان کاک جەباری میرزا رۆستەمی سکرتێری گشتی و حاکم چیا ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، هەروەها لە دیدارێکی برایانەدا باس لە پێوەندی نێوان هەردوولایەنی حزبی رزگاری و پارتی نەتەوەیی کراو هیوایان خواست کە پەیوەندیەکان گەشەیان پێبدرێتەوە. لە تەوەرێکی دیکەی دیدارەکەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان، بەتایبەتیش ئاڵۆزیەکانی ئەم دواییانە کرا، هەردولا هیوایان خواست کە واقیعبینانەو وردبینانە رەفتار لەگەڵ رەوشەکەدا بکرێ، بۆ هەر کێشەیەک دەبێ دادگە سەرپشک بکرێ، لەبەر هەستەوەری رەوشی باشووری کوردستان نابێ لە هیچ رووداوێکدا بڕیاری پێشوەخت بدرێ، یان بێ بەڵگە کەس و لایەنەکان تۆمەتبار بکرێن، چونکە دوژمن و ناحەزانی کوردستان لە کەمین دان و شێلگیرانە بۆ شێواندنی رەوشی کوردستان کار دەکەن.

# سکرتێری گشتی حزب پەیامێک بۆ KNCلە باکوری ئەمریکا دەنێرێ

بەبۆنەی پێکهێنانی بیست و دووەمین کۆنگرەی ساڵانەی کۆنگرەی نیشتمانی کورد لە باکوری ئەمریکا کە بڕیاروایە رۆژی 4ی حوزەیران لە شاری سان دیاگۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوەبچێ، هەڤاڵ رێکار ئەحمەد پەیامێکی بۆ ناردن کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

**بەڕێز! کاک کرمانج گوندی، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کورد لە باکوری ئەمریکا**

**هێژایان! ئەندامانی کۆنگرە**

سڵاوی رزگاری و سەرخۆبوونتان لێ بێت.

لە پێوەند بە پێکهێنانی بیست و دووەمین کۆنگرەی KNC بەختەوەرم بەناوی خۆم و لە جیاتی هەڤاڵانم لە سەرکردایەتی حزبی رزگاریی کوردستاندا، جوانترین سڵاوو پیرۆزباییتان لێبکەم و هیوای سەرکەوتن و سەرفرازیتان بۆ بە ئاوات بخوازم.

بەڕێزان! رەوەندی کورد لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو کانادا رۆڵی بەرچاویان لە ناساندن و پێشخستنی دۆزی کورد بینیوە، بەتایبەتیش لەسەرو بەندی دووەمین جەنگی کەنداو، راپەڕینی بەهاری 1991 و پرۆسەی ئازادی عێراقدا، بەهەوڵ و کۆششی بەردەوامی ئێوەی نیشتمانپەروەرو وڵاتپارێز بوو کە توانرا سەرنجی رای گشتی و ناوەندی بڕیاردەری ئەمریکا ئاوڕ لە کێشەی کوردستان بداتەوە، هەرچەندە ئەوێ رۆژێ بەرژەوەندەکانی ئەمریکاو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان یەکانگیر بوون، وایدەخواست کە ئەمریکیەکان ئاوڕ لە دۆزی کوردستان بدەنەوە، بەڵام ئەگەر تێکۆشان و خەباتی ئێوە نەبوایە، لەوانەیە بەو ئاقارە نەدەگەیشت، ئێستاش ئێوەی کوردستانی دانیشتووی ئەمریکا و کانادا رۆڵی گرنگ و کاریگەرتان هەیەو دەتوانن جارێکی دیکەش سەرنجی ناوەندی بڕیاردەر بۆ لای کێشەی کوردستان بگێڕنەوە، بەتایبەتیش رەوشی ئاڵۆزی عێراق کە داهاتووی وڵاتی لە نادیاریدا نغرۆ کردوە، هەروەها ئەو شاڵاوی لە سێدارەدانەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە کوردستانیان پێڕۆی دەکات، بەردەوامبوونی رژێمی سوریا لەسەر بێناسنامە هێشتنەوەی کوردانی رۆژئاواو ناکام مانەوەی پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی لە تورکیا و باکوری کوردستاندا، دەرفەتێکی دیکەی رەخساندوە تا جارێکی دیکەش رای گشتی بوروژێندرێ و تیراساکانی رۆژهەڵاتی ناڤین لەسەر دۆزی کوردستان بگیرسێتەوە. ئەوەش بەبێ تێکۆشانی ئێوە بە ئاکام ناگات، بەوهۆیەوە ئێمە لە حزبی رزگاریی کوردستاندا لێتاندەخوازین کە کۆنگرەکەتان زۆر لێبڕاوانە لەسەر ئەو خاڵە رابوەستێ و میکانیزمی گونجاو و سەردەمیانە بگرێتە بەر.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش سڵاوو پیرۆزبایی خۆمان دووپات دەکەینەوەو هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان بە ئاوات دەخوازین

**رێکار ئەحمەد**
**سکرتێری گشتی**
**حزبی رزگاریی کوردستان**

# داوا دەکرێ پەیکەرێک بۆ شەهید سەردەشت عوسمان دروست بکرێ

لە راگەیاندراوێکدا کە بەکر عوسمان برای شەهید سەردەشت عوسمان وەک بەڕێوەبەری دەزگەی راگەیاندنی هاوپشتی بڵاوی کردۆتەوە داوای کردوە کە بەهیمەتی ئازادیخوازان و هونەرمەندان ورۆژنامەنووسان پەیکەرێک بۆ سەردەشت عوسمان بەناوی پەیکەری ئازادی دروست بکرێت.

ئەمەش دەقی ئەو راگەیاندراوەیە:

لەرێگای ئەم راگەیاندنەوە ئاگادارتان دەکەم کە من وەکو برای سەردەشت و وەکو کەسێک کە بەشێکی ژیانی خۆمم بۆ بەرگری لە ئازادی سیاسی، ئازادی رادەربڕین و بیرورا، دژی تیرۆرو سەرکوتی سیاسی تەرخانکردوە، لەو سۆنگەیەوە کە بڕوام وایە سەردەشت نارازی لە نایەکسانی و قوربانیی ئازادی بوو، بزوتنەوەیەکیش کە بەدوای تیرۆرەکەیدا شارەکانی کوردستانی خرۆشاند و تا دەرەوەی کوردستانیش کشا، بۆ بەرگری لە ئازادی و لەپێناو ئازادیدابوو، دروستکردنی پەیکەرێک بۆ سەردەشت بەناوی (پەیکەری ئازادی) یەوە لەهەمان ئەو شوێنەدا کە لێی رفێنرا، واتە لەبەردەم کۆلێژەکەیدا رادەگەیەنم. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا پرۆژەی لەچاپدانی کتێبی "سەردەشت عوسمان" لەبەر دەستدایە. سەرجەم رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکان ئاگادار ئەکەینەوە، ئێمە هەڵدەستین بە لەچاپدانی تەواوی نوسراو و بابەتەکانی "سەردەشت". لە چوارچێوەی کتێبێکدا. کتێبەکە تەواوی ئەو وتار و راگەیاندن و هەواڵ و ڕیپۆرتاژی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و مەراسیمەکانی لە دژی ڕفاندن و تیرۆری "سەردەشت " نوسراون و بەرێخرابوون لە خۆ دەگرێت. ئەو کارەشمان بە ئامانجی درێژەدانی هەموو هەوڵدان و کارەکانی تاکو ئێستا لە ڕاستای وەستانەوە لە بەرامبەر تیرۆر و ئاشکراکردن و دادگاییکردنی تاوانباران و بکوژانی سەردەشتدایە.

لەم ئەرکەمدا پێویستم بە هاوکاری ئێوە هەموو دڵسۆزانی ئازادی و سەردەشت هەیە. هەر لە پەیکەرتاشەوە کە بتوانێ پەیکەرێکی شایستە بە پەیام و گیانی سەردەشت دروست بکات تا بە کۆمەکی مالی بۆ ئەو پرۆژەیە و هەروەها کەسانێکی شارەزا لەباری یاساییەوە کە بتوانین رەزامەندی لایەنی بەرپرس بۆ دادانی ئەو پەیکەرە لە شوێنی ناوبراودا بەدەست بێنین.

هەرلێرەوە بانگەوازی هەموو ئەو کەس و لایەن و دەزگاو دامەزراوانە دەکەم کە لەم کارەدا دەیانەوێ هاوکار و پشتیوانم بن بەشێوەی راگەیاندن و یان لەرێگای پەیوەندیکردنەوە لەشێوازی کۆمەک وهاوکاریەکانیان ئاگادارم بکەنەوە. لەگەڵ هاوکارانێک کە پەیوەست ئەبن بەم کەمپینە، لە نزیکترین کات ژمارە تەلەفۆن و ئەدرێسی پێویست بڵاودەکەینەوە لەگەڵ راگەیاندنی حساب بانکیەک بۆ ئەوانەی کۆمەکی مالی دەکەن. ئێمە ناوی ئەوکەسانە بڵاودەکەینەوە لە داهاتودا لەگەڵ ناوی هەموو ئەوکەسانەی لەو کەمپین و پرۆژەیەدا بەشداریان کردوە.

**بەکر عوسمان**
**بەڕێوەبەری دەزگای ڕاگەیاندنی هاوپشتی**

# ژنێکی کورد سەرۆکوەزیرانی پێشووی تورکیا بە بکوژی مێردەکەی دەناسێنێ

پەروین بولدان پەرلەمانتاری کورد ئاشکرای کردوە کەتانسۆ چیللەر سەرۆکوەزیرانی پێشووی تورکیا بکوژی ساواش بولدانی مێردیەتی.

پەروین بولدان ئاشکرای کردوە کە کاتێک تانسۆ چیللەر سەرۆکوەزیرانی پێشووتری تورکیا لەبەردەم راگەیاندنەکاندا رایگەیاند کە لیستی ئەو بازرگانانەی کە هاوکاری پارتی کرێکارانی کوردستان لەبەردەستی مندایە، کێ بیەوێ دەتوانم لیستەکەی بدەمێ.

پەروین جەختی کردۆتەوە کەدوای ئەو قسانەی تانسۆ چیللەر کوشتنی بازرگان و کارسازان دەستی پێکرد، لەنێو ئەوانیشدا ساواش بولدان تیرۆر کرا.

پەروین ئاشکرای کردوە کە بەوهۆیەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆشنبیر، سیاسەتمەدار، نووسەرو بازرگانی کورد لەتورکیا تیرۆر کران.

پەروین داوای کردوە کە بۆ لێپرسینەوە لەوتیرۆرانەی کە ئەوێ رۆژێ لە کۆلان و شەقامەکاندا ئەنجامدران و خەڵکی سڤیل کوژران، دەبێ لێکۆڵینەوە دەست پێبکات وداڕێژەرو بکوژانیش لە دادگەدا سزابدرێن.